کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:47 13-5-2007

## کاتی ئەوە نەهاتووە عەرەبە ئاوارەکان لە کوردستان دوور بخرێنەوەو ئەوانی تریش فەرامۆش بکرێن؟. .. خەلیل پاڵانی

سەر زارو بن زاری بەرپرسانی کورد لە کۆڕوکۆبوونەوەو بۆنە و دیدارە ڕۆژنامەوانییەکاندا بەیەکەوە ژیانی برایانەی کوردە لەگەڵ بەناو (برا) عەرەبەکان، بەمەش نەوەستاون بەڵکو لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە هێندە گرنگیان پێدراوە ئەو عەرەبانەی کە پێشتر زەوی کوردانیان داگیر کردووەو ڕۆڵیان هەبووە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی تەعریب لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان کردویانە بە کادیر و شێخی عەشیرەت و ئەندامی کۆمەڵایەتی و ریش سپیانی ناوچەکەیان و مانگانە بە بڕی زیاتر لە (300، 000) سی سەد هەزار دینار موچەیان بۆ بڕاوەتەوە.



ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە دەبینین عەرەب هەرکاتێك دەسەڵاتداربووبن ئەوا درێخیان نەکردووە لە کوشتن و بڕین و بە تالان بردنی سەروەت و سامانی کوردان، بۆ ئەمەش هێرشی سوپای ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی ئێراق بۆ سەر شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان بەهاوکاری شێخەعەرەبەکان و ئەندامانی سەر بە عەشیرەتەکانیان لە ساڵانی شەستەکانەوە لە پاڵ حەرەس قەومی و دواترش لەساڵانی هەشتاکان و لە کۆتایشدا لە دوای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی بەهاری ساڵی 1991 و هێرشی داگیرکاریی سوپای ئێراق بۆ سەر هەندی لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان و بە تاڵانبردنی سەروەت و سامانی کوردان لەلایەن عەرەبە ڕەگەزپەرستەکانەوە، گەواهی ڕاستیەکان دەسەلمێنن.

ئەو عەرەبانەش کە گوایە لە مەترسی کارە تیرۆرییەکانەوە ناوچەکانی خۆیان جێهێشتووە و ڕوویان کردۆتە کوردستان، ئەمڕۆ کاری تیرۆریستی لە کوردستان ئەنجام دەدەن و بوونەتە هۆکاری سەرەکی لە تێکدانی ئاسایشی کوردستان و هاوکاری کردنی تیرۆریستان و ئەنجامدانی تەقینەوەو پێدانی زانیاری بە تاقمە تیرۆریستییەکان لەبارەی شوێنە ستراتیژییەکانی کوردستان.

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو کەسەی تەقینەوەکەی چوارشەممەی بەردەم وەزارەتی ناوخۆی کوردستانی ئەنجامدا بە ڕەگەز عەرەبەو لەگەرەکی نەورۆزی هەولێر نیشتە جێیە، کەواتە دەتوانین بڵێین هاتنی ئەو ئاوارە عەرەبانە بۆ کوردستان سیاسەتێکی لەپاڵەوەیە کە دوورنیە بە پێی بەرنامە و نەخشە بۆ کێشراوەکانی ڕێکخراو و تاقمە تیرۆریستیەکانەوە بووبێت، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە سەرکردایەتی کور هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو مەسەلە چارەنووسسازە بکات بۆ گەڕانەوەی هێمنی و ئارامی وپاراستنی ئاسایشی کوردستان.

هەلبەتە بۆ ئەوەی کوردستان دوور بی لە کاری تیرۆریستی، یەکەم هەنگاو کە پێویستە بهاوێژری دوور خستنەوەی هەرچی زووی ئەو عەرەبە ئاوارانەیە لە کوردستان و فەرامۆشکردنی ئەوانەی تریش کە لە هەندی شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان نیشتەجێن و دوور خستنەوەیان لە پۆست و پلە و پایە حزبی و کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکانە، بۆ ئەوەی نەتوانن بە ئاسانی هاوکاری تیرۆریستان بکەن بۆ تێکدانی ڕەوشی ئاسایشی کوردستان.

parwarpalani@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.